**به ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**به ناوی گەلەوە**

**ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیـــار: ١٨**

**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٧**

**(( بـڕیـــار ))**

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/٩/٢٧)یدا ئەنجامی داوەو ، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بەپێی ئەو دەسەلاٌتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یاسای ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ( ٢٠٠٠ )**

**یاسای ڕێکخستنی غەرامەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا**

**یەکـەم:**

هەر کەسێ ، لەکارێ لەم کارانەی خوارەوە تێوەگلێ بەم غەرامەیە سزا دەدرێ کە بەرامبەری دیاری کراوە :

١.ئۆتۆمبیلێ بازوێ لەوحەی تۆمارەکەی روون و ئاشکرا نەبێ یا فەوتابێ غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.

٢. ئۆتۆمبیلێ بازوێ لەوحەی تۆماری نەبێ غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە .

٣. ئۆتۆمبیلی گەورەی بارهەڵگر و هی ئینشائی و کشتوکاڵی یا پاسی گەورە ، لە کۆڵانەکان یا شەقامەکانی ناوەوە و ناوچە نشینگەکاندا بەجێبهێڵێ یان شەو لەو جێگایانەدا بیهێڵێتەوە ، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاو پێنج دینارە ، بەلاٌم ئەوانە ناگرێتەوە کە ماوەیەك ، هەر هەندەی بەشی بارداگرتن یان بارکردن بکات ئۆتۆمبێلەکانیان دەوەستێنن .

٤. ئۆتۆمبیل ڕاگرتن لەسەر شۆستە غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٥. ئۆتۆمبیلێ لەجێگایەکدا بوەستێنێ کە بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێل قەدەغە کرابێ ، یا لەڕێزی دووەمدا ((هاوشان)) بیوەستێنێ ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٦.ئالۆوالاٌی ڕازاندنەوە ، یاهی ڕاگەیاندن ، یان نووسین و وێنە ، لەسەر بۆدیی ئۆتۆمبیل یان پەنجەرەکانی پێشەوەی یان دواوەی دابنێ ، غەرامەکەی (٣٠)سی دینارە .

٧.شەوقی بەرز ، بەجۆرێ هەڵکا ، سەر لەشوفێری ئۆتۆمبێلەکانی تر بشێوێنێ ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٨.لەجادەكانی دەرەوەی شاردا ، ئەو ئۆتۆمبیلانەی پشتێنی دڵنیاییان تێدایەو ، نەیانبەستبێ ، غەرامەكەی (١٠)دە دینارە .
٩.لەو جێگایانەدا ، هۆڕن لێبدا كە پۆلیسی هاتوچۆ هۆڕن لێدانی تێدا قەدەغە كردبێ ، یان ئامێری هۆڕنی هەوایی ، یان هی هەمە ئاواز بخاتە كار ، یان (( سەمماعە ))ی گەورە لە دەرەوەی ئۆتۆمبیل دابنێ ، یان هۆڕن بەدەنگی بەرز لێبدا ، یا هۆڕنی وەكو دەنگی گیانەوران بەكاربێنێ ، غەرامەكەی (٧٥) حەفتاو پێنج دینارە .
١٠.شووشەی لێڵ و چاوبەستی لە پەنجەرەكانی ئۆتۆمبیلەكەی گرتبێ ، غەرامەكەی (٢٠٠) دوو سەد دینارە .
١١.پەردەی قوماش ، یا پەردەی كانزای چاوبەستی لە شووشەكانی دواوە یا لە شوشەكانی لاتەنیشتی ئۆتۆمبیلەكەی گرتبێ ، غەرامەكەی (٢٠٠) دوو سەد دینارە.
١٢.بەكەمتەرخەمی ، یان بەلاساری ئۆتۆمبیل باژوێ ، غەرامەكەی (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینارە .
١٣.هەر شوفێرێ بۆ ئیشارەتی گڵۆپەكانی هاتوچۆ ، یان بۆ ئیشارەتی پۆلیسی هاتوچۆ ملكەچ نەبێ ، غەرامەكەی (١٠٠)سەد دینارە .
١٤. ئۆتۆمبیل بە پێچەوانەوەی ئاراستەی هاتوچۆ ، كە دەسەلاتی هاتوچۆ دیاریی كردووە ، باژوێ ، غەرامەكەی (٢٠٠) دووسەد دینارە .
١٥.هەر شوفێرێ ، لەشانی ڕاستەوە پێش ئۆتۆمبیلێكی تر بكەوێ و بەهەڵە تێپەڕێ ، غەرامەكەی (١٠٠)سەد دینارە .
١٦.بەرزكردنەوەی باروبارخانەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر ، بەرزتر لەو ئاستەی كە پۆلیسی هاتوچۆ دیاریی دەكا ، غەرامەكەی (٥٠) پەنجا دینارە .
١٧.باروبارخانەی ئۆتۆمبیلەكەی بە جۆرێكی توندو تۆڵی ئەوتۆ دانەپۆشیبێ كە نەیەڵێ لەكاتی ڕێكردن یان لەرینەوەدا ، بارەكەی بپەڕێ یا بلاوبێتەوە ، یان بەربێتەوە ، غەرامەكەی (١٠٠) سەد دینارە .
١٨.لەو جێگایانەوە پێچ بكاتەوە كە ڕێگای پێچ كردنەوەی پێ نەدراوە ، غەرامەكەی (٥٠) پەنجا دینارە .
١٩. ئۆتۆمبیل بە خێراییەك ، زیاتر لەو خێراییە باژوێ كە یاسا دیاریی كردووە ، غەرامەكەی (٥٠) پەنجا دینارە .
٢٠. ئۆتۆمبیلێ باژوێ شەرتوشروتی توندوتۆڵی و دڵنیایی تێدا نەبێ (( كەموكوڕی لە گڵۆپەكانی پێشەوە ، یا دواوەی ، یا ئیشارەتەكانی لاتەنیشتەكانیدا هەبێ )) غەرامەكەی (١٠٠) سەد دینارە .

**دووەم :**

١.هەریەكە لە ئەفسەری هاتوچۆ و قۆمیسەر(مفوض)ی تا پلەی دووەمی هاتوچۆ ، دەسەلاتی دادوەریان پێ دەدرێ ، بۆ ئەوەی سزاكانی ئەو سەرپێچییانەی كە دەیگرن و لەبەندی (یەكەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە ، بسەپێنن .
٢.ئەو بریاری حوكمەی كە ئەفسەری هاتوچۆ یان قۆمیسەری پلە دووی هاتوچۆ بەپێی ئەم فۆرمە (نموزج)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە ، دەیدا ، بڕدراوەیەو ، هەر ئەوەیە .

**سێیەم :**
لە (٢٥ ٪)ی ئەو غەرامە فەوریانەی کە وەردەگیرێن بۆ کارمەندانی هاتوچۆ تەرخان دەکرێ.
**چوارەم :**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، کاری پێ ناکرێ .
**پێنجەم :**
وەزیرە پێوەندارەکان ، دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار .
**شەشەم :**
ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا ، دەخرێتەکار .

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**